# تێكۆشان

# له پێناوی خودا

# جۆره‌كانی و حوكمه‌كانی

## معالي الشيخ الدكتور


صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان

عضو هيئة كبار العلماء وعضو اللجنة الدائمة للإفتاء


## وه‌رگێڕانی

## عبد الوالی عبدالرحيم علی قزڵجی

چاپی یەکەم

1432ی کۆچی 2011ی زاینی

زنجیرە: زنجیرەی (10) لە زنجیرەی ڕێنماییەکانی ئەهلی ئەثەر.

ژمارەی (1124)ی ساڵی (2010) پێدراوە.

**قال تعالى:**

﴿لَّا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ
بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً ۚ
وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ ۚ وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾
دَرَجَاتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً ۚ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٩٦﴾﴾ .[ T ]:

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی[1]

لەپاش ئەمە: لە ڕاستیدا تێكۆشـان لـە پێنـاوی خـودا فـەرزێكی زۆر گەورەیە, وە دین لەسەر ئەو تێكۆشانە ڕاوەستاوە, هەروەك پێغەمبـەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: ((**لای سەرەوەی هەمو شتەكان ئیسلامە, وە ڕاگری ئەو ئیسلامەش نوێژە, وە چلە پۆپـەی ئیسـلام تێكۆشـانە لـە پێناوی خودا**))[2].

وە خودای گەورە فەرمانی پێكردوە لە زۆرێك لە ئایەتەكانـدا, وە هـانی موسوڵمانانی داوە بۆ ئەنجامدانی, وە بەهەمان شێوەش پێغەمبەرەكەمان محمد (ﷺ) فەرمانی پێ كردوە و هـانی داویـن بـۆی, وە پلـەو پایـەو سودەكانی جیهادی ڕونكردوەتەوە, بەجۆرێك كە هەندێك لە زانایـان بـە پایەی شەشەمیان زانیوە لە پایەكانی ئیسلام بـە هـۆی گرنگیـەوە, وە بەهۆی ئەو هەمو ئایات و فەرمودانەی كە هاتوە دەربـارەی وە ئەمـەش

[1] ئەم وتارە شێخ پێش كەشی كردوە لە مزگەوتی گەورەی ریاض لە 1424/2/4هـ.

[2] رواه الترمذي في سننه (5/13 برقم: 3616) كتاب الإيمان, باب: ماجاء في حرمة الصلاة من حديث معاذ بن جبل, ورواه غيره.

گومانی تێدا نیه, وه کۆڕای زانایانیشی لەسەره واته لەسەر پلەو پایەی جیهاد, وه هەروەها نوسراویشەتەوه له کتێبـەکانی فـەرمودەدا, وه لـه کتێبـەکانی فیقهیشـدا, وه لـەناو وتـەکانی ئـەهلی عیلمیشـدا, وه کۆمەلێك مەرج و یاسای هەیه که وەریان گرتوه له قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوداوه (ﷺ) چونکه جیهاد بابەتێکی زۆر گرنگه.

**بەڵام لەم کاتەی ئێمەدا:** قالوقیل زۆر بوه دەربارەی ئەم بابەته گەورەیه, وه خـەلکانێك باسـی لێـوه دەکـەن کـه زانسـت و زانیاریـان نیـه, وه کەوتونەته باس کردنی جیهاد, جا هەندێکیان ڕۆچون تێیداو زۆر توندن لەباس کردنیدا, وه هەندێکیان بەکرچ و کالێ و بـه سـادەی باسـیان لێ کردوه, هەتا هەندێك له خەلکانی نەزان, وه هەندێك له داخ لـەدلاَن و دوژمنانی ئیسلام وا باسی جیهاد دەکـەن لـه ئیسـلامدا کـه کـارێکی دڕندانەیەو, وه زۆرلێکردنی تێدایه بۆ وەرگرتنی دین, خودای گـەورەش دەفەرمویێت: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ﴾ [ ], واته: زۆر لێکـردن نیـه له وەرگرتنی دینـدا, وه ئـەو گومانـه دەدەن بـه گـوێی خەلکیـدا کـه ئیسلام شەڕکردن و جەنگانی تێدا نیه, وه جیهـادی تێـدا نیـه, ئەمـه لەلایەکەوه.

**وه لەلایەکی ترەوه:** هەندێك هـەن زۆر تونـدن تێیـدا, وه قسـەی تێـدا دەکـەن بـەبێ عـیلم, وه بـەبێ بەرچـاو ڕۆشـنی, وه بـه بـێ دەقـه

شەرعیەکان, هەربۆیە پێویستە کە گرنگی بدرێت بە ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە گەورەیە.

لە ڕاستیدا پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: ((**چاك بزانن كه لەناو بەهەشتدا سەد پلە هەیە, نێوانی هەردو پلە وەکو نێوانی ئاسمان و زەویە, خودای گەورە ئامادەی کردوە بۆ ئەوانەی کە تێدەکۆشن لەپێناوی ئەودا...**))[3] فەرمودەکە.

وە خودای گەورەش دەفەرموێت: ﴿لَّا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً ۚ وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ ۚ وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾ دَرَجَاتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً ۚ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ :[ - ], واتە: ئەو باوەڕدارانەی کە دانیشتون و وە هیچ عوزرێکیان نیە بۆ جیهاد نەکردن بەهیچ جۆرێك وەکو ئەوانە نین کە تێدەکۆشن لە پێناوی خودادا بە ماڵ و سامان و نەفسی خۆیان, خودای گەورە فەزڵ و پلەو پایەی ئەو موجاهیدانەی کە جیهاد دەکەن بە ماڵ و نەفسیان داوە بەسەر ئەوانەی کە دانیشتون, وە هەردولایان خودای گەورە بەڵێنی چاکەی پێداون, وە الله فەزلی موجاهیدانی داوە بەسەر

---

[3] رواه الإمام البخاري في صحيحه (2316/4 برقم: 74239) كتاب التوحيد, باب ﴿وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ﴾ : , ﴿وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ﴾ : .

ئەوانەی دانیشتون و جیهـاد ناکـەن بـە پاداشـتێکی زۆر گـەورە, ئـەم بەخشـینی ڕێـزەش بـەوان لەلایـەن خۆیەوەیـەتی وە لێخـۆش بـون و میهرەبانی خۆشیەتی کە سەرزەنشتی ئەوانەی تری نـەکردوە و بـەلێنی چاکەشـی پێـداون, وە پـەروەردگار هەمیشـە لێخـۆش بـوە بـۆ کەمتەرخەمەکان و میهرەبانیشە بۆ چاکەکاران.

وە جیهـاد فەڕیزەیـەکی لەمێـژە, ئـەوەتا موسـا سـەلامی خـودای لەسەربێت, چوەتە دەر لەگەڵ بەنوئیسرائیلدا بۆ غـەزا کـردن, خـودای پەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿ يَٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴾ [ ], واتـــە: ئـــەی گەلەکەم بڕۆنە ناو ئەو زەویە پیرۆزەوە کە مەبەست پێـی قودسـە, ئـەو زەوییەی کە خودای گەورە بەلێنی داوە کە بچنە ناوی, پشت هەڵمەکـەن و مەگەڕێنە دواوە و لە مەیدانی شەڕدا ڕامەکەن چونکە ئەگـەر واتـان کرد ئەو کاتە دۆڕاوو سەرشۆڕو زەرەرەو مـەند دەبن.

وە ئەوەی کە کردیان کردیان, وە خودای گەورەش سزای دان بـەو جـۆرەی کە باسی کردوە لە ئایەتەکانی سـورەتی مائیـدەدا, وە لـە کۆتایـدا وە لەدوای مردنی موسا سەلامی خودای لەسـەربێت هەسـتان بـە جیهـاد کردن, وە قودسیان ڕزگار کرد, وە چونە ناوی بە هۆی ئەو جیهادەی کـە کردیان لە پێناوی خودادا, وە ئەو فەرمانەیان جێبەجێ کرد کـە خـودا پێی دان, بەلام لەدوای سستی نواندن و تەمبەلی.

وە هەروەها لەناو بەنی ئیسرائیلدا لەدوای موساش جیهاد هەرهەبوەو شەرعی بوە, وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰٓ إِذْ قَالُوا۟ لِنَبِىٍّ لَّهُمُ ٱبْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُوا۟ ۖ قَالُوا۟ وَمَا لَنَآ أَلَّا نُقَٰتِلَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَٰرِنَا وَأَبْنَآئِنَا﴾

[ ], واتە: تۆ نابینی کە پیاو ماقولان و دەم سپیەکانی بەنو ئیسرائیل لەدوای موسا کاتێك کە بە پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکانیان وت: پادشایەکمان بۆ بنێرە با لەگەلیدا بجەنگێین لە پێناوی خودا, ئەویش لە وەلامیاندا فەرموی: باشە ئەی ئەگەر جیهادتان لەسەر فەرز بو وەنەتان کرد؟ وتیان: بۆچی ناجەنگێین لە پێناوی خودا لە کاتێکدا خۆشمان و نەوەکانمان لەناو ماڵ و شوێنی خۆماندا دەرکراوین بەزۆر.

هەتا ئەوەی کە پێغەمبەرەکەیان پێی وتن: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا﴾ [ ], واتە: خودای گەورە تالوتی بۆ ناردون وەکو پادشایەك هەتا لە دوایەوە بجەنگێن لەپێناوی خودا, ئەوە بو دەمەقالەیەکی زۆریان لەگەڵ ئەو پێغەمبەرە کرد, هەروەکو پیشەی هەمیشەییان, پاشان کە چونە دەر بە یاوەری تالوت, وە بردنیە دەرەوە بۆ غەزا کردن لەپێناوی خودا بۆ شەڕکردن لەدژی بێباوەڕەکان توشی

تاقی كردنه‌وه هاتن به‌و ڕوباره‌ی كه خودا تاقی كردنه‌وه پێی, وه كه‌مێكیان نه‌بێت زۆربه‌یان ده‌رنه‌چون له‌م تاقی كردنه‌وه‌یه‌دا: ﴿ فَشَرِبُوا۟ مِنۡهُ إِلَّا قَلِيلٗا مِّنۡهُمۡۚ ﴾ [ ], واته: زۆربه‌یان له ئاوی ڕوباره‌كه‌یان خوارده‌وه ته‌نها كه‌مێكیان نه‌بێت.

وه كاتێك تالوت ڕوباره‌كه‌ی تێپه‌ڕ كرد وه ئه‌وانه‌ش كه له‌گه‌لی بون, خودای گه‌وره ده‌فه‌رموێت: ﴿ فَلَمَّا جَاوَزَهُۥ هُوَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ قَالُوا۟ لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلۡيَوۡمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦۚ قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٖ قَلِيلَةٍ غَلَبَتۡ فِئَةٗ كَثِيرَةَۢ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾ وَلَمَّا بَرَزُوا۟ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٥٠﴾ فَهَزَمُوهُم بِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُۗ ﴾ [ - ], واته: كاتێك تالوت و ئه‌وانه‌ش كه له‌گه‌لی بون له ئیمانداران له ڕوباره‌كه تێپه‌ڕین, وتیان: ئێمه ئه‌مڕۆ ئه‌و هێزو توانایه‌مان نیه كه بوه‌ستینه‌وه له‌به‌رامبه‌ر جالوت و سه‌ربازه‌كانی, به‌لام ئه‌وانه‌ی كه دلنیابون كه ده‌گه‌نه‌وه به لیقای خودای گه‌وره وه ئیمانێكی دامه‌زراویان هه‌بو وتیان: چاك بزانن كه چه‌نده‌ها ده‌سته‌ی بچوك و كه‌م هه‌بوه كه

سـه‌ركه‌وتون به‌سـه‌ر ده‌سـته‌ی زۆرو گـه‌وره‌دا بـه‌ یارمـه‌تی الله, وه‌ په‌روه‌ردگار یارمه‌تی ده‌رو سه‌خه‌ری ئه‌وانه‌یه‌ كه‌ ئـارام ده‌گـرن لـه‌كاتی ناڕه‌حه‌تیه‌كانـداو وه‌ پشـت هـه‌ر بـه‌و ده‌به‌سـتن, هه‌ربۆیـه‌ كاتێـك باوه‌ڕداره‌كانی به‌نوئیسرائیل ڕوبه‌ڕوی جـالوت و سـه‌ربازه‌كانی بونـه‌وه‌, وتیان: په‌روه‌ردگارا ئارامیه‌كی تـه‌واومان پـێ ببه‌خشـه‌و دامـه‌زراومان بكه‌ له‌كاتی جه‌نگدا, وه‌ سه‌رمان بخه‌ به‌سه‌ر ئه‌و گه‌له‌ بێبـاوه‌ڕه‌دا, لـه‌ كۆتایدا خودای گه‌وره‌ سه‌ری خستن به‌سه‌ریانداو ئه‌و بێباوه‌ڕانه‌یان تێـك شكاند وه‌ داود جالوتی كوشـت و وه‌ خـودای گـه‌وره‌ مولـك و دانـای و زانستی فێر كرد ئه‌وه‌نده‌ی كه‌ ویسـتی له‌سـه‌ربێت, ئه‌مـه‌ش به‌لگه‌یـه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ جیهاد كردن كارێكه‌ كه‌ هه‌ر له‌مێـژه‌وه‌ هـه‌بوه‌ لـه‌ناو ئومه‌ته‌كانی پێشوتر.

به‌هه‌مان شێوه‌ سوله‌یمان سه‌لامی خودای له‌سه‌ر بێـت, وه‌ ئـه‌و ڕوداوه‌ی كـه‌ لـه‌نێوان ئـه‌وو بـه‌لقیس پادشـای سـه‌به‌ئدا ڕویـدا, وه‌ سـوله‌یمان فــه‌رموی: ﴿ ارْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُم بِجُنُودٍ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخْرِجَنَّهُم مِّنْهَا أَذِلَّةً وَهُمْ صَاغِرُونَ ﴾ :[ ], واتـه‌: بگـه‌ڕێره‌وه‌ بۆلایـان مه‌به‌سـت پێـی دارو ده‌سته‌كه‌ی به‌لقیسه‌, وه‌ پێی ڕابگه‌یه‌نن كه‌ ئێمه‌ دێین بۆیان بـه‌ یـاوه‌ری سـه‌ربازو سـوپایه‌كه‌وه‌ كـه‌ بـه‌لقیس و قه‌لـه‌م ڕویه‌كـه‌ی هـیچ نـه‌بن له‌به‌رامبه‌ریدا, وه‌ ده‌بێت له‌ناو شـوێن و ده‌سـه‌لاتی خۆیانـدا وه‌ده‌ریـان نێین به‌ زه‌لیلی و سه‌رشۆڕی. ئه‌وه‌تا سـوله‌یمانی كـوڕی داود _سـه‌لامی

خودایان لەسەربێت_هەڕەشەی کردوە لەم پادشـایە بـەوەی کـە هێـرش دەکاتە سەری بە سەربازانێك کە خەلکی یەمەن نـەتوانن بـەرەنگاریان ببنەوە, لە سەرئەنجامدا ئەویش هەرئەوەندەی پێکرا کە مل کەچ بـو وە خۆیدا بەدەستەوە وە ئیسلام بونی خۆی ڕاگەیاند, وە وتـی: ﴿إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ [ :] , واتە: بەڕاستی من ستەمم لە خـۆم کـرد بـەوەی کـە هـەر لەسـەرتاوە وەلامـی داواکـەی سولەیمانم نەدایەوە, ئەوا من موسولمان بـونی خـۆم ڕادەگەیـەنم لەگـەڵ سولەیماندا وە مل کەچم بۆ پەروەردگاری هەمو جیهانیان.

**مەبەستمان ئەوەیە:** کـە جیهـاد بـونی هـەبوە لـەناو شـەریعەتەکانی پێشوتردا, چونکە الله دروست کراوەکـانی بۆئـەوە دروسـت کـردوە کـە بیپەرستن هەروەك دەفـەرمویت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ﴾ [ - ], واتە: من جنۆکەو مرۆڤەکانم تەنها بۆئەوە دروست کردوە کە هەستن بە پەرستنم, وەمن داوای ئەوەم لێنەکردون کە ڕۆزی بۆخۆیان و خەلکی دابـین بکـەن وە خواردنیان پیێ بدەن وە بۆ ئەوەش دروستم نەکردوە.

کەواتە خودای گەورە خەلکی بـۆ پەرسـتنی خـۆی دروسـت کـردوە, وە بەلێنی ئـەوەی داوە کـە ڕۆزیـان پـیێ دەدات, وە کاتێـك هەنـدێك لـە بەندەکان دەرچون لە گوێڕایەلی کـردن و پەرسـتنی الله, وە خۆیـان بـە گەورەتر زانی لە پەرستنی خودای گەورە لەکاتێکدا کە بۆ ئەوە دروست

كراون, ئەوكاتە الله تۆڵەی لێ سەندنەوە, هەربۆیە گەلانی پێشو ئەگەر سەرپێچیان بكردایە و دەرچونایە لە فەرمانی خودا, وە گوێڕایەلی پێغەمبەرەكەیان نەكردایە, خودای گەورە سزایەكی دەدان كە لەبنەوە دەریدەهێنان و هەرهەمویانی تیا دەبرد, هەروەكو ڕویدا لەناو گەلی نوح و عادو سەمودو ئەوانەش كە لەدوای ئەمان هاتن, وە خودای گەورە لەناوی بردن كاتێك كە هەلگەڕانەوە لە پێغەمبەرەكانیان, وە خۆیان بەگەورەتر دانا لە پەرستنی الله, وە سوربون لە پەرستنی غەیری خودا, وە بەردەوام بون لەسەر هاوەڵ دانان, وە الله ڕەگو ڕیشەی دەرهێنان یەك بەیەك, وە تەنها ئەوانە ڕزگاریان بو كە باوەڕدار بون, چونكە تەنها پێغەمبەران و شوێن كەوتوانیان ڕزگاریان دەبێت.

پاشان خودای گەورە جیهادی دانا لەبری ئەو تیابردنە بەكۆمەلە, وەكو سزایەك بۆ ئەو بێباوەڕانەی كە ملیان نەدا بۆ پەرستنی الله, وە خۆیان بە گەورەتر دەزانی لەوەی كە بۆی دروست كراون, خودای گەورە جیهادی بەشەرع گێڕا وەبو بەسوننەتەی ئەو پێغەمبەرانەی كە لەدوای سەدەكانی سەرەتاوە هاتن, هەتا پێغەمبەری خۆمان (ﷺ) هات وە ئەویش لەسەر هەمان ئەو شەریعەتە ڕۆیشت, كە ئەویش جیهاد كردنە لە پێناوی خودادا بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوی خودا و فەرمانەكانی الله, وە لابردنی شیرك و بێباوەڕی: ﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ﴾ [ ]: , واتە: بجەنگێن لەگەڵ ئەو

بێباوه‌ڕو هاوه‌ڵ دانه‌رانه‌دا بۆ ئه‌وه‌ی خراپه‌ی شیرك و بێباوه‌ڕیان نه‌مێنێ, وه‌ ته‌نها دینی ڕاسته‌قینه‌و په‌رستنی ته‌واو بۆ الله‌ ئه‌نجام بدرێت.

حیكمه‌ت له‌ جیهاد كردندا ئه‌مه‌یه‌, بۆئه‌وه‌ی كه‌ ته‌نها الله‌ بپه‌رسترێت هه‌روه‌ك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌فه‌رموێت: ((وه‌ من به‌ شمشێر نێردراوم تا ئه‌و كاته‌ی كه‌ به‌ته‌نها الله‌ ده‌په‌رسترێت...))[4] فه‌رموده‌كه‌.

وه‌ فه‌رمویه‌تی: ((فه‌رمانم پێ كراوه‌ به‌وه‌ی كه‌ له‌ به‌رامبه‌ر خه‌لكی بجه‌نگێم هه‌تا ئه‌و كاته‌ی كه‌ ده‌لێن: لاإله إلا الله, هه‌ركه‌سێك بلێ: لاإله إلا الله, ئه‌وا خۆی و ماله‌كه‌ی له‌من پارێزراوه‌ ته‌نها ئه‌وه‌ نه‌بێت كه‌ مافێكی له‌سه‌ر بێت كه‌ بیداته‌وه‌, وه‌ حیسابیشی له‌لای خودایه‌))[5].

وه‌ جیهاد: چاوگی (جاهد جهادا)ه‌نه‌[6], مه‌به‌ست پێی: تێكۆشان و هه‌وڵ دانه‌ له‌ گوێڕایه‌ڵی كردنی خودای گه‌وره‌و په‌رستنیدا, له‌وانه‌ جه‌نگین له‌دژی بێباوه‌ڕان كه‌واته‌ جیهاد چه‌ند جۆرێكه‌, وه‌ موسوڵمان به‌رده‌وام له‌ جیهاد كردندایه‌ له‌ هه‌ر جۆرێكیاندا بێت, وه‌ تێكۆشان خۆی له‌ پێنج جۆردا ده‌بینێته‌وه‌:

### _یه‌كه‌م: جیهادی نه‌فس:

---

[4] رواه الإمام احمد في مسنده (123/9 برقم: 5114) من حديث ابن عمر.

[5] رواه الإمام البخاري في صحيحه (908/2 برقم: 2946) كتاب الجهاد والسير, باب دعاء النبي(ﷺ) إلى الإسلام والنبوة و ألا يتخذ بعضهم بعضا أربابا من دون الله. من حديث أبي هريرة.

[6] بڕوانه‌: تاج العروس من جواهر القاموس (537/7) مادة (جهد).

ئەویش بەوەی کە جیهادی نەفسی خۆی بكات لەسەر گوێڕایەڵی كردنی خودا, بەوەی كە فەرمانی پێ بكات بە كاری چاك, وە قەدەغەی بكات له خراپە, وە مرۆڤی موسوڵمان ناتوانێت جیهادی هیچ كەسێكی تر بكات هەتاوەكو جیهادی نەفسی خۆی نەكات لە پێشدا.

_دووەم: جیهادی شەیتان:

كاتێك له جیهادی نەفسی خۆی تەواو بو دەست دەكات بە جیهادی شەیتان ئەویش بەوە دەبێت كە سەرپێچی بكات لەوەدا كە فەرمانی پێ دەكات, وە هەستێت بە كردنی ئەو كارەی كە ئەو قەدەغەی لێ دەكات.

_سێیەم: جیهادی سەرپێچی كاران لەناو موسوڵمانان:

ئەویش بە فەرمان كردن بەچاكەو نەهی كردن لە خراپە, ئەویش بەپێی توانا پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: ((هەركەسێك لە ئێوە كارێكی خراپی بینی ئەوا بابیگۆڕێ بە دەستی, خۆ ئەگەر نەیتوانی بە دەست ئەوا بابە زمان بیگۆڕێ, خۆ ئەگەر هەر نەیتوانی ئەوا بابە دڵ پێی ناخۆش بێ, وە ئەوەش لاوازترینی ئیمانە))[7].

وە لە ڕیوایەتێكی تردا هاتوە: ((وە لەدوای ئەمەوە ئەوەنەی دنكە خەردەلێك ئیمان بونی نیە))[8].

---

[7] رواه الإمام مسلم في صحيحه (69/1 برقم: 49) كتاب الإيمان, باب: كون النهي عن المنكر من الإيمان يزيد و ينقص و أن الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر واجبان, من حديث ابي سعيد الخدري. والرواية المشار إليها في حديث آخر برقم: (50) وأوله : ((**وما من نبي بعثه الله في أمة قبلي**...)) الحديث من رواية عبدالله بن مسعود.

[8] هەمان تەخریجی پێشو.

## ـچوارەم: جیهادی دوڕوەکان:

ئەمەش بە بەرپەرچ دانەوەی شوبهەکانیان دەبێـــت, وە وەلامدانـــەوەی درۆو دەلەسەکانیان, وە پێویستە جیهادیان لەدژ بکرێت, وە خەلکیان لێ ئاگادار بکرێتەوە, هەروەك خودای گـــەورە دەفـــەرمویێت: ﴿ هُمُ ٱلۡعَدُوُّ فَٱحۡذَرۡهُمۡ ﴾ :[ ], واتە: بەڕاستی ئەو دوڕوانە دوژمنی سەرســـەختی ئێوەن, کەواتە وریابن دەربارەیان, وە جیهادی ئەمانە بە زمـــان دەبێـــت خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَـٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَـٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡ ﴾ :[ ], واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بجـــەنگێ لـــەدژی بێباوەڕەکان و دوڕوەکان وە توندبە لەگەلیان و لەسەریان.

## ـپێنجەم: جیهادی بێباوەڕان:

ئەمەش بە هەلگرتنی چەك دەبێت, وە چونە ناو جەنگـــەوە, بـــۆ بـــلاو کردنەوەی ئاینی خودا, وە وەلانانی شیرك و ئەهلی شیرك, وە خـــودای گەورە جیهادی فەرز کردوە لەسەر ئەم ئوممەتە لە پێنـــاوی خـــودادا, وە بەلام پلە بەپلە بـــە شـــەرع گێڕاویـــەتی, هەربۆیـــە ڕۆژانی مەککـــە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەوانەش کە لەگەلی بون لە موسولمانان ڕێگـــەیان پـــێ نەدرابو بە جیهاد کردن, وە فەرمانیان پێکرا بو کە دەستیان بگرنەوە لـــە شەڕ کردن لە گەلیان, وە پێغەمبەری خودا (ﷺ) سیانزە سال مایەوە لە

مەككە لەدوای ناردنی وەك پێغەمبەر وە بانگەوازی دەكرد بۆلای خودا, سەرەڕای ئەو نارەحەتی و ئازارەی كە ڕوبـــەڕوی دەبویـــەوە لەلایـــەن گەلەكەیەوە.

هۆكەشی ئەوە بو كە: موسولمانان لە بارودۆخێكی لاوازدا بـــون, خـــۆ ئەگەر فەرمانیان پێ بكرایە بە جەنگ, لە كاتێكدا ئەوان لەو حالەدا بون, ئەوا دوژمن سەردەكەوت بەسەریاندا, وە ڕەگو ڕیشەی دەردەهێنان, وە بانگەوازەكەیانی ئەمراندن.

پاش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) كۆچی كرد بـــۆ مەدینـــە, وە پشـــتیوان و یارمەتی دەری بۆ دروست بو, خودای گەورە ئیزنی دان بەوەی كە جیهاد بكەن_ئیزنی دان نەك ئەمر_ وە فەرمووی: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ [ ], واتـــە: ئەوانـــەی كـــە ستەمیان لێكراوە لە موسولمانان ئیزنیان پێدرا كە بجەنگێن لـــەدژی ئـــەو هاوەڵ دانەرانە, وە خودای گەورە بۆ سەرخستنی ئەو باوەڕدارانە بەسەر دوژمنەكانیان بەتوانایەو سەریان دەخات. كەواتە ئیزنی داون بۆ جیهـــاد كردن, وە حەلالی كرد بۆیان لەدوای ئەوەی كە حەرام بو لەسەریان.

لەپاشاندا فەرمانیان پێكرا بە شەڕكردن لەگەڵ ئەوانـــەی كـــە شـــەڕیان لەگەڵدا دەكردن, وە دەست گرتنەوەو شەڕنەكردن لەگەڵ ئەوانەی كـــە

ناجەنگێن لەدژیان, خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴾

[ ], واتە: بجەنگێن لە دژی ئەوانەی کە شەڕتان لەگەڵ دەکـەن, وە بەلام ئێوە دەست پێش خەر مەبن و هێرش مەکەنە سەریان و فەرمانی خودا تێنەپەڕێنن چونکە خودای گەورە ئەوانەی خۆش ناوێت کـە لـە فەرمانەکانی دەردەچن و پێشێلی دەکەن. کەواتە تەنها فـەرمانیان بـەوە پێکرا کە بجەنگێن لەگەڵ ئەوانەدا کە هێرشیان دەکردنە سەرو پەلاماریان دەدان.

دوای ئەمە فەرمانیان پێکرا بە شەڕکردن لەدژی بێباوەڕەکان بە ڕەهـای ئیتر ئەوانەیان کە شەڕیان لەدژ دەکردن و وە ئەوانەش کە نەدەجـەنگان لەدژیان, ئەمەش بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوو فەرمانەکانی الله, وە کاتێك ئـەم فەرمانەیان پێکرا کە تواناو دەولەتیان هەبو, وە دەسەلاتیان گەورە بـو, ئەو کاتە خودای گەورە فەرمانی پێکردن بە جیهـاد, خـودای گـەورە دەفـــــەرموێت: ﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ وَخُذُوهُمۡ وَٱحۡصُرُوهُمۡ وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖۚ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾

:[ ], واتە: کاتێك ئەو مانگانەی کە شەڕکردن تێیدا حەرامـە کـە چوار مانگە تەواو بو بجەنگیێن لەگەڵ ئەو هاوەڵ دانەرانەی کە پەیمان نیە

له‌نێوان ئه‌وان و ئێوه‌دا یاخود كاتێك ماوه‌ی په‌یمانه‌كه‌ ته‌واو بو ئه‌و كاتـــه‌ له‌چ شوێن و كاتێكدا بینیتانن بیان كوژن و به‌دیل بیان گرن, وه‌ بواریان له‌سه‌ر ته‌سك بكه‌نه‌وه‌و مه‌هێڵن به‌ ئاسانی به‌سه‌ر زه‌وی خودادا بــڕۆن چونكه‌ شایه‌نی ئه‌وه‌ نین, خۆ ئه‌گه‌ر ته‌وبه‌یان كردو وازیان له‌و شـــیرك و كوفره‌ هێنا و نوێژه‌كانیان ئه‌نجام داو زه‌كـــاتی مالــه‌كانیان دا ئه‌وكاتــه‌ ده‌ستیان لیٚ هه‌لگرن و وازیان لیٚ بهێنن, به‌ ڕاستی خودای گه‌وره‌ لێخۆش بو وه‌ میهره‌بانه‌ له‌به‌رامبه‌ر تاوانی به‌نده‌كانی ئه‌گه‌ر ته‌وبه‌یان لیٚكرد.

وه‌ ده‌فـــــه‌رموێت: ﴿قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ﴾ [ : ], واتـــــه‌: بجه‌نگێن له‌دژی ئه‌و بێباوه‌ڕو هاوه‌لٚ دانه‌رانه‌, خودای گـــه‌وره‌ بـــه‌هۆی ئێوه‌وه‌ سزایان ده‌دات و له‌ناویان ده‌بات ئه‌ویش به‌كوشتنیان, وه‌ سه‌رتان ده‌خات به‌سه‌ریاندا و ئه‌وان سه‌رشۆڕو ڕسوا ده‌كـــات و وه‌ ئـــه‌و ڕق و كینه‌ی ناو دلی باوه‌ڕداران له‌به‌رامبه‌ریان تێر ئاو ده‌كات و ئه‌و ڕقه‌ ده‌كاته‌ هۆكاری زیاتر سوربونیان له‌سه‌ر شه‌ڕكردن له‌دژیان و سه‌ركه‌وتنیان.

كه‌واته‌ فه‌رمانیان پێكرا به‌ جه‌نگان لـــه‌دژی بێباوه‌ڕه‌كـــان هـــه‌تاوه‌كو موسولمان ده‌بن, چونكه‌ دروست بونیان له‌به‌ر خاتری ئه‌و ئیسلامه‌ بوه‌, كه‌ بریتیه‌ له‌ په‌رستنی ئه‌و خودایه‌ی كه‌ دروستی كردون و ڕۆزی داون وه‌ هه‌ر ئه‌ویش شایه‌نی په‌رستنه‌, وه‌ دروستنیه‌ به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك هیچ جـــۆره‌ په‌رستنێك ئه‌نجام بدرێت بـــۆ كه‌ســـێكی تـــر, وه‌ ئـــه‌وه‌ش مه‌به‌ســـتی

جیهادكردنه‌_واته‌ به‌رز ڕاگرتنی ناوو وته‌كانی الله‌, وه‌ به‌تـــه‌نها په‌رســـتن ئه‌نجام دان بۆی هه‌ربۆیه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌و بێباوه‌ڕانه‌ ته‌وبه‌یان كرد له‌ شـــیرك و كوفر وه‌ ئیمانیان هێنا ناكوژرێن و شه‌ڕیان له‌گه‌ڵ ناكرێت, خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌و بێباوه‌ڕانه‌ وازیان لێ بهێنرێت و شه‌ڕیان له‌گه‌ڵ نه‌كرێت شـــه‌ڕوخراپه‌یان باڵ ده‌كێشێت به‌سه‌ر موسوڵماناندا, چونكه‌ ئه‌و بێباوه‌ڕانـــه‌ ڕازی نـــابن به‌وه‌ی كه‌ یه‌ك موسوڵمان له‌سه‌ر ڕوی زه‌وی بمێنێت, خـــودای گـــه‌وره‌ ده‌فـــــــــه‌رموێت: ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا﴾ [ ], واته‌: به‌رده‌وام ئـــه‌و بێباوه‌ڕانـــه‌ ده‌جـــه‌نگن له‌دژتان بۆ ئه‌وه‌ی پاشگه‌زتان بكه‌نه‌وه‌ له‌ دینه‌كه‌تان و واز له‌ په‌رســـتنی خودا بهێنن و بچنه‌ سه‌ر ئاینه‌ پوچه‌كه‌ی ئه‌وان, وه‌ هه‌مو هێزو توانایه‌كیان ده‌خه‌نه‌ كار بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌.

وه‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ﴾ [ ١٢٠], واته‌: هه‌رگیز جوله‌كه‌و گاوره‌كان لێت ڕازی نابن هه‌تا ئه‌و كاته‌ی كه‌ شوێن ئاینه‌كه‌یان ده‌كه‌ویت.

وه‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿وَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ﴾ [ :], واته‌: ئه‌و بێباوه‌ڕانـــه‌ زۆر مه‌به‌ستیانه‌ كه‌ ئێوه‌ بێباوه‌ڕ ببنه‌وه‌و پاش گه‌ز ببنه‌وه‌ له‌ ئاینی ئیسلام. كه‌واته‌ ئه‌گه‌ر شه‌ڕیان له‌گه‌ڵدا نه‌كرێت ئه‌كه‌ونـــه‌ گیـــانی موســـوڵمانان به‌كوشتنیان و كاول كردن و تێكدانی ولاتیان هه‌روه‌كو ئێستا ده‌بینرێت و

وە ئاشکرایە ئەمەش بەهۆی لەکار خستنی جیهادەوەیە, وە دەست هەلگرتن لەسەریان, هەربۆیە ئەوان ئێستا خۆیان تەرخان کردوە بۆ ئەوە, هەربۆیە کەوتنە ناردنی ئەوانەی کە بانگەواز دەکەن بۆ دینی گاور و دەست گرتن بەسەر شوێنەکاندا, وە زۆر شتی تریش.

وە کاتێك پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی پیاوێك کە دەجەنگێت لە پێناو دەمارگیرایەتی, یان لە پێناو ئەوەی کە پێی بلێن ئازایە, یان دەجەنگێت بۆ ئەوەی مالی دونیای دەست بکەوێت, وتیان ئەمانە کامیان لەپێناوی خودایە؟ فەرموی: ((هەرکەسێك بجەنگێت بۆ ئەوەی فەرمانەکانی خوداو قورئانەکەی لەسەرو هەمو شتێکەوە بێت ئەوە لەپێناوی خودادایە))[9].

بەلام ئەوانەی بۆ شتی تر دەجەنگێن: ئەوە هیچی لەپێناوی خودا نیە, وە ئەو کەسەی کە دەجەنگێت لەپێناوی خودا ئەگەر کوژرا ئەوە شەهیدە, وە ئەگەر نەش کوژرا ئەوە پاداشتی خۆی وەردەگرێت, اللّٰه دەفەرموێت:

﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَن يُقْتَلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتٌۢ ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ ﴾

[ ], واتە: بەو کەسانە مەلێن مردو کە دەکوژرێن لە پێناوی خودادا, بەلکو ئەوانە زیندون بەلام ئێوە هەستی پێناکەن.

---

[9]رواه البخاري في صحيحه (42329 برقم: 7458) كتاب التوحيد, باب: ﴿ وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ ﴾ الصافات:﴿ ١٧ ﴾. وورد بألفاظ برقم: (123,281033126) من الصحيح. من حديث أبي موسى.

وه‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢاۚ بَلۡ أَحۡيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمۡ يُرۡزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ وَيَسۡتَبۡشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمۡ يَلۡحَقُواْ بِهِم مِّنۡ خَلۡفِهِمۡ أَلَّا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾

[ : - ],واته‌: وا گومان مه‌به‌ن به‌وانه‌ی كه‌ له‌پێناوی خودا كوژراون به‌وه‌ی كه‌ مردون و لێبونه‌ته‌وه‌ و ئیتر ته‌واو , به‌لكو ئه‌وانه‌ له‌لای په‌روه‌ردگاری خۆیان له‌ناو به‌هه‌شتدا له‌ناو نازو نیعمه‌ته‌كانی ئه‌ودان و نه‌مردون و زیندون, وه‌ دلْ خۆشن به‌و رێزو پله‌و پایه‌و نیعمه‌تانه‌ی كه‌ الله‌ پێی به‌خشیون وه‌ چاوه‌كانیات پێی گه‌ش ده‌بێت, وه‌ له‌ناو خۆیاندا مژده‌ ده‌ده‌ن به‌یه‌كتری به‌وه‌ی كه‌ ئه‌و برایانه‌شیان كه‌ هێشتا شه‌هید نه‌بون دێن بۆلای ئه‌مان و ده‌گه‌ن به‌و خۆشیانه‌ی كه‌ هه‌رگیز نابڕێته‌وه‌, وه‌ مژده‌ی ئه‌وه‌یان ده‌ده‌نێ كه‌ هیچ ترس و ناخۆشیه‌ك ڕوبه‌ڕویان نابێته‌وه‌.

خۆ ئه‌گه‌ر نه‌شكوژرێن, ئه‌وه‌ به‌ پاداشتێكی زۆرو ده‌ستكه‌وته‌وه‌ ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌, وه‌ سه‌ربه‌رزو سه‌رفرازی دونیاو دواڕۆژ ده‌بن.

وه‌ جیهاد كردن له‌پێناوی خودا_هه‌روه‌كو زانایان به‌ تێرو ته‌سه‌لی باسیان كردوه‌_ دو جۆره‌:

جۆری یه‌كه‌م: فه‌ڕزی عه‌ینه‌ له‌سه‌ر هه‌مو موسولمانێك كه‌ ده‌توانێت جیهاد بكات, ئه‌میش له‌ سێ كاتدا:

**یه‌كه‌میان:** شه‌ڕكردنی وه‌لانان (            ) واته‌ به‌رپـــه‌رچ دانـــه‌وه‌ و شه‌ڕكرد له‌ دژی دوژمنانی ولات له‌بێباوه‌ڕه‌كان كاتێك ئابلوقه‌ی ولاتیان دا, ئه‌و كاته‌ شه‌ڕیان له‌دژ ده‌كرێت, وه‌ پێویسته‌ له‌سه‌ر هه‌مو ئه‌وانه‌ی كه‌ توانای جیهادیان هه‌یه‌ كه‌ شه‌ڕ بكه‌ن بۆ به‌رگری كـــردن لـــه‌ ناموســـو حورمه‌تی ئه‌و موسولمانانه‌ی كه‌ له‌و ولاته‌دا ده‌ژین.

**دووه‌میان:** ئه‌گه‌ر ئیمام داوای لێكرد بچێته‌ ده‌ره‌وه‌ بۆ جیهاد, ئه‌و كاتــه‌ پێویسته‌ له‌سه‌ری گوێڕایه‌لی بكـــات, خـــودای گـــه‌وره‌ ده‌فـــه‌رموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴾ [   :   ], واته‌: ئه‌ی ئه‌وانه‌ی كه‌ باوه‌ڕتان هێناوه‌ چیتانه‌ بۆ واده‌كه‌ن كاتێك كه‌ پێتان ده‌وترێت بجه‌نگێن له‌ پێناوی خودا ته‌مبه‌ڵ ده‌بن و حه‌زتان له‌ دانیشتنه‌, ئه‌گه‌ر وابكه‌ن ئــه‌و كاته‌ وه‌كو ئه‌وانه‌تان لێ دێت كه‌ ژیانی دونیا پێش ده‌خه‌ن به‌ســـه‌ر ژیـــانی كۆتایدا, چاك بزانن كه‌ خۆشـــیه‌كانی دونیـــا له‌به‌رامبـــه‌ر خۆشـــیه‌كانی دواڕۆژدا زۆر كه‌مه‌و هه‌ر هیچ نیه‌ به‌لكو زو ده‌بڕێته‌وه‌.

وه‌ پێغه‌مبه‌ری خودا (ﷺ) ده‌فه‌رموێت: ((له‌دوای ڕزگار كردنی مه‌ككه‌ ئیتر كۆچ كردن نه‌ما لێوه‌ی بۆ شوێنانی تـــر, بـــه‌لام جیهـــاد كـــردن و

ڕەزامەندی خودای گەورە ئەوە هەردەمێنێتەوە, وە ئەگەر پێتــان وتــرا بڕۆن و بجەنگێن ئەوە زو ئەو فەرمانە جێبەجێ بکەن))[10].

سێیەم: ئەگەر شەڕ دروست بو وە لەو کاتەدا ئەو کەسە بەهێزو بــەتوانا بو, ئەوە دروست نیە بۆی کە ڕابکات لەکاتی ڕوبەڕو بونــەوەو تێــك هەلپرژاندا, بەلکو پێویستە لەسەری کە بجــەنگێت, خــودای گــەورە دەفـــــەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحۡفٗا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلۡأَدۡبَارَ ﴿١٥﴾ وَمَن يُوَلِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفٗا لِّقِتَالٍ أَوۡ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٖ فَقَدۡ بَآءَ بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأۡوَىٰهُ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴾ [ : - ], واته: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەستن بە جێبەجێ کردنی ئەوەی کە ئیمانەکەتان داواتان لێ دەکات بەوەی کــە کاتێك ڕوبەڕوی بێباوەڕەکان بونەوە لەکاتی هێرش کردنــدا پشــتیان لێ هەلْ مەکەن و ڕانەکەن, هەرکەسێك لەو ڕۆژەدا پشتیان تــێ بکــات و ڕابکات ئەوە بەر توڕەبونی الله دەکەوێت وە لە ڕۆژی دوایشدا جێگەی ناو ئاگر دەبێت, بەڕاستی ئەو چارە نوسەش خراپترین ســەرئەنجامە کــە چاوەڕێی دەکات, مەگەر ئەوەی کە ئەو پشت هەلکردنەی بۆ ئەوە بێت کە خێرا خۆی ئامادە بکاتەوە بۆ هێرش کردنە سەریان یاخود بۆ ئەوەی

[10] رواه البخاری في صحيحه (946/2 برقم: 3077) كتاب الجهاد والسير, باب: لا هجرة بعد الفتح, من حديث ابن عباس.

بچێته پال٘ كۆمه‌ڵێك له موجاهیده‌كانی ترو له‌گه‌ل٘ ئه‌واندا هێرشـــیان بـــۆ بكات و به‌ته‌نها نه‌مێنێته‌وه.

كه‌واته ڕاكردن له كاتی ڕوبه‌ڕو بونه‌وه‌ی بێباوه‌ڕان یه‌كێكه لـــه تاوانـــه گه‌وره‌كان, له‌م سێ٘ بارو دۆخه‌دا جیهاد كردن پێویست ده‌بێت له‌ســـه‌ر تاك تاكی كه‌سه‌كان_واته: فه‌ڕزی عه‌ین له‌سه‌ر هه‌مو موســـولمانێك كـــه توانای هه‌یه_.

جۆری دوه‌م: فه‌ڕزی كیفایه‌یه, وه پێشی ده‌وترێ٘ جیهادی داواكـــردن (جهـاد الطلـب), ئه‌ویش بریتیه له‌وه‌ی كه هه‌ستین به هێرش كردنه سه‌ر بێباوه‌ڕه‌كان له‌ناو ولاتی خۆیاندا, وه ئه‌مه‌ش فه‌ڕزی كیفایه‌یه واته ئه‌گه‌ر كۆمه‌ڵێك پێی هه‌ستان كه به‌س بو بۆ ئه‌و كاره ئه‌وكاتـــه ئه‌وانـــه‌ی تـــر هیچیان له‌سه‌ر نابێت و تاوان بار نابن, وه ده‌بێت به سوننه‌ت له حه‌قیاندا وه ئه‌گه‌ر بیشی كه‌ن ئه‌وه سوننه‌تێكی گه‌وره‌یان كردوه, وه خوای گه‌وره پێویستی كردوه له‌سه‌ر موسولمانان كه ئه‌گه‌ر هێزو توانایان هه‌بو هه‌ستن به هێرش كردنه سه‌ر بێباوه‌ڕه‌كان بۆ به‌رز ڕاگرتنی وته‌و فه‌رمانه‌كانی الله, وه لابردنی هاوه‌ل٘ دانان و بت په‌رستن, وه فه‌رمویه‌تی: ﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ﴾ [ : ], واتـــــه: بجه‌نگێن له‌گه‌ل٘ ئه‌و بێباوه‌ڕو هاوه‌ل٘ دانه‌رانه‌دا بۆ ئه‌وه‌ی خراپه‌ی شیرك و بێباوه‌ڕیان نه‌مێنێ٘, وه ته‌نها دینی ڕاسته‌قینه‌و په‌رستنی ته‌واو بۆ الله ئه‌نجام بدرێت.

كەواته پێویسته لەسەر موسولمانان هەستن به لابردنی بێباوەڕی و هـــاوەڵ دانان لەسەر ڕوی زەویـــدا, وه گێڕانــــەوەی خـــەلكی بـــۆ پەرســـتنی پەروەردگاریان چونكه ئەوان لەبەر خاتری ئەو عیبادەت كردنه دروست كراون.

بەلام پێش كوشتار: پێویسته بانگی بێباوەڕان بكرێت بۆ هاتنه ناو ئـــاینی ئیسلامەوه, ئەگەر وایـــان نـــەكردو بەرهەلســـتییان كـــرد, وه ئـــەو بانگەوازەیان قەبوڵ نەكرد ئەوكاته پێویسته هێرش بكرێتـــه ســـەریان و كوشتاریان لێ بكرێت, هەربۆیه پێغەمبەر (ﷺ) كاتێك كۆچی كرد بـــۆ مەدینه وه الله جەنگی لەسەر واجب كرد_جیهادی داواكـــردن (جهـاد الطلـب)_خەریك بو به نامه ناردن بۆ سەرۆك و پادشاكان وه نوسراوی بۆ دەنوسین و بانگەوازی دەكردن بۆ ئیسلام, هەروەك نامەی نارد بـــۆ كیسرا و قەیسەر, وه نوسراویشی نارد بۆ جگه لـــەمان لـــه پادشـــایانی بێباوەڕ وه بانگەوازی دەكردن بۆ ئیسلام بون[11], چونكه پەیامی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەمو مرۆڤایەتیه, هەربۆیه پێویسته لەسەر هەمو مرۆڤـــەكان و وه هەمو جنۆكەو ئینسانەكان كه شوێن ئەم پێغەمبەره بكەون (ﷺ).

كەواته یەكەم جار بانگیان دەكات بۆ لای الله, ئەگەر وەلامی داواكـــەیان دایەوه باشه خۆ ئەگەر وەلامیان نەدایـــەوه ئـــەو كاتـــه دەجـــەنگێت

---

[11] بۆ نمونه بڕوانه: صحيح البخاري (2/904_905, برقم: 2938_2940) كتاب الجهاد والسير, باب: دعوة اليهود والنصارى, وما يقاتلون عليه, وما كتب النبي (ﷺ) إلى كسرى و قيصر, والدعوة قبل القتل, و باب: دعاء النبي (ﷺ) إلى الإسلام والنبوة, وألا يتخذ بعضهم بعضا أربابا من دون الله. من حديث عبدالله بن عباس.

لەبەرامبەریان, چونكه بەو بانگەواز كردنەیان ئیتر بەهانەیان نامێنێت, وه بەلگەكان دەبن به شاهید بەسەریانەوه, وه هەربەو شێوەیه پێغەمبــەری خوا (ﷺ) بەردەوام كه ئەگەر كەسێك بكردایــه بــه ئــەمیر بەســەر سوپایەكەوه, یاخود سریەیەكەوه بەتایبەتی ئامۆژگاری خــۆی دەكــرد بەوەی تەقوای خوای هــەبێت, پاشــان ئامۆژگــاری خــۆی و ئــەو موسولمانانەشی دەكرد كه لەگەلی بون, وه پێــی دەوت: ((كاتێــك كــه گەمارۆی دوژمنەكەتدا له بێباوەڕەكان سەرەتا بانگەوازیان بكه بــۆ لای بەرنامەكەی الله, خۆ ئەگەر وەلامیان دایەوه باشه, وه ئەگەر ملیان نەدا ئەوا داوای جزیەیان لێ بكه, ئەگەر ئەمەشیان نەكرد ئەوا پشت بــه الله ببەستەو بجەنگێ له دژیان))[12].

وه كاتێك كه ئالاكەی دایه دەست عەلی كوڕی ئەبو تالیب ڕەزای خوای لێبێت له ڕۆژی خەیبەردا پێی فەرمو: ((لەسەرخۆ بڕۆ پێشــەوه هــەتا دەگەیته ناو گۆڕەپانەكەیانەوه, پاشان بانگــەوازیان بكــه بــۆ ئــەوەی موسولمان بن, وه ئەو مافانەشیان پێ ڕابگەیەنه كه پێویسته لەســەریان جێبەجێی بكەن له مافەكانی خودای گەوره لەناو ئاینی ئیسلامدا, سوێند

[12] رواه الإمام مسلم في صحيحه (1357/3, برقم: 1731) وما بعده, كتاب الجهاد والسير, باب: الجهاد والسير, من حديث بريدة.

به‌ الله‌ ئه‌گه‌ر خودای گه‌وره‌ یه‌ك پیاو له‌وان له‌سه‌ر ده‌ستی تۆ هیدایـــه‌ت بدات بۆتۆ باشتره‌ له‌هه‌رچی وشتری سور هه‌یه‌))[13].

ئێمه‌ ناجه‌نگێین له‌دژی بێباوه‌ڕه‌كان له‌به‌ر هۆكاری چاوبڕینه‌ ولات و ماڵ و سامانیان. به‌لكو ته‌نها له‌به‌ر خاتری به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان ده‌جـــه‌نگێین له‌به‌رامبه‌ریان, بۆ ئه‌وه‌ی ڕزگاریان بكه‌ین له‌ ئاگر, وه‌ وه‌ده‌ریان بێنین له‌ تاریكیه‌كانه‌وه‌ بۆ ڕوناكی, كه‌واته‌ ئێمه‌ له‌به‌ر به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان و ڕزگار كردنیان له‌ بێباوه‌ڕی و هاوه‌ڵ دانان ده‌جه‌نگێین لـــه‌ دژیـــان, وه‌ لـــه‌و پێناوه‌شدا به‌رگه‌ی زۆر ناڕه‌حه‌تی و بریندار بون كوشتن ده‌گرین, هـــه‌ر هه‌موشی له‌پێناو به‌رژه‌وه‌ندی مرۆڤایه‌تیدا, نه‌ك له‌به‌ر چاوبڕینه‌ دونیا بێت هه‌روه‌ك هه‌ندێك له‌ خه‌لكی نه‌زان واگومان ده‌به‌ن, یان خـــه‌لكانی داخ له‌دڵ, هه‌ربۆیه‌ یه‌كه‌م جار بانگه‌وازیان ده‌كه‌ین, ئه‌گه‌ر قـــه‌بولیان كـــرد پێویست به‌ شه‌ڕ ناكات, به‌لام ئه‌گه‌ر سه‌ركه‌شیان كردو ملیان نه‌دا, ئه‌وه‌ شه‌ڕ ده‌كرێت له‌دژیان.

وه‌ ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ فه‌رمان ده‌كات به‌ جه‌نگ و ڕێكی ده‌خات: پێشه‌وای موسولمانانه‌, چونكه‌ ئه‌و كاره‌ له‌ توانای ئه‌و دایه‌و ئه‌و هه‌لده‌سێت پێـــی, یاخود ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ ئه‌و دایده‌نێت, وه‌ دروست نیه‌ بۆ موسولمان كـــه‌ جیهاد بكه‌ن به‌بێ ڕێگه‌ پێدانی پێشه‌وا ته‌نها له‌یه‌ك حاله‌تدا نه‌بێت: ئه‌گه‌ر

---

[13] رواه الإمام البخاري في صحيحه (925/2, برقم: 3009), كتاب الجهاد والسير, باب: فضل من أسلم على يديه رجل, من حديث سهل بن سعد.

دوژمنێك دای بەسەریاندا كە دەترسن لە دڕندەی و هێــزی, ئــەوكات هەلدەستن بە بەرپەرچدانەوەی, وە ئەم بەربەرەكانەیەی دوژمن پێویستی بە ئیزنی پێشەوا نیە, چونكە ئەمە لابردنی مەترسیەكە, پێغەمبەری خــوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((خودای گەورە لەسێ شت ڕازیە لێتان لەوەی كە ئەنجامی بدەن: كە بیپەرستن, وە هیچ هاوەلێكی بۆ بڕیــار نــەدەن, وە هەموتان دەست بگرن بە بەرنامەكەی الله وە وە پارچە پارچەو جیــاواز نەبن, وە ئامۆژگاری و گوێڕایەلی ئەو كەسانە بكەن كە الله كــردونی بــە پێشەواو سەرپەرشتیار بەسەرتانەوە))[14]. كەوات پێویستە موســولمانان سەركردەو پێشەوایەكیان هەبێت كە هەستێت بە ڕێك خستنی كارو باری جیهادو غەزا كردن لە پێناوی الله دا.

وە موسولمانان پێویستە لەژێر فــەرمانی پێشــەوایەكدا بــن, وە لــەژێر سەرپەرشتی سەركردەیەكدا بن, ئەمەش لە كاتێكدا كە هــەمویان یــەك ئومەت بن, كەواتە دوبەرەكی و جیاواز بون دروست نیە بەتایبەت لــە كاروباری جیهاددا, ئەگەر موسولمانان كۆك بون وە كۆبونــەوە لەگــەڵ پێشەواكەیاندا, وە چونە ژێر فەرمانیەوە ئەوە وا دەكات كە بەهێزتر بن, وە دوژمنیان زیاتر دەترسێت لێیان.

---

[14] رواه الإمام مالك في الموطأ (990/2) كتاب الكلام, باب: ما جاء في إضاعة المال وذي الوجهين, ورواه مسلم بنحوه في صحيحه (1340/3, برقم: 1715) كتاب الأقضية, باب: النهي عن كثرة المسائل من غير حاجة والنهي عن منع وهات, وهو المتناع عن أداء حق لزمه, أو طلب نا لا يستحق. كلاهما من حديث أبي هريرة.

به‌لام ئه‌گه‌ر پارچه‌ پارچه‌ بون وه‌ جیاواز بون وه‌ هه‌ركه‌سه‌و بۆخۆی وای بینی كه‌ خاوه‌ن ده‌سه‌لاته‌ و گونجاوه‌ بۆ ئه‌و كاره‌, وه‌ ملی نه‌دا بۆ پێشه‌وا ئالێره‌دا به‌لاكه‌ ڕوده‌كاته‌ موسولمانان, خودای گه‌وره‌ ده‌فـــه‌رموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٤٥﴾ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٤٦﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بَطَرٗا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ﴾

[: - ], واته‌: ئه‌ی ئه‌وانه‌ی كه‌ بڕواتان هێنـــاوه‌ كاتێـــك كـــه‌ ڕوبه‌ڕوی كۆمه‌لی بێباوه‌ڕان بونه‌وه‌ وه‌ شه‌ڕیان كرد له‌دژتان دامه‌زراو بن و ئارام بگرن و گوێڕایه‌ڵ بن و دژیان بوه‌ستن, وه‌ زۆر یادی الله‌ بكـــه‌ن هه‌تاوه‌كو ببێته‌ یارمه‌تی ده‌رتان و به‌و هۆیه‌شه‌وه‌ الله‌ سه‌رتان ده‌خات, وه‌ گوێڕایه‌لی خوداو پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی (ﷺ) بكه‌ن وه‌ جیاوازو ناكۆك مـــه‌بن چونكه‌ واده‌كات كه‌ ترسنۆك بن و شكست بێنن, وه‌ تواناو ده‌سه‌لاتتان نامێنێت و لاواز ده‌بن, وه‌ هه‌میشه‌ ئارام بگرن له‌سه‌ر فه‌رمانه‌كانی خودا چونكه‌ الله‌ یارده‌ده‌ر و سه‌رخه‌ری ئه‌وانه‌یه‌ كه‌ ئارام ده‌گرن, وه‌ وه‌كـــو ئه‌وانه‌ مه‌بن كه‌ چونه‌ ده‌ر له‌ناو جێگه‌و مالی خۆیان بـــۆ خراپـــه‌كاری و ڕیابازی و بۆ ئه‌وه‌ی خه‌لكی بیان بینن, وه‌ به‌تایبه‌ت ڕێگرییان ده‌كرد له‌

به‌رنامه‌و په‌یامی خودای گه‌وره‌, وه‌ چاك بزانن كه‌ خودا ئاگاداری هه‌مو كاروباره‌كانه‌و ئاگادارتان ده‌كاته‌وه‌ له‌وه‌ی كه‌ وه‌كو ئه‌وان بن.

خودای گه‌وره‌ فه‌رمانی پی كردوین به‌ كۆبونه‌وه‌ له‌ژێر فه‌رمان ڕه‌وایی یه‌ك سه‌ركرده‌دا, بۆئه‌وه‌ی هێزو توانامان گه‌وره‌ تر بێت, وه‌ كۆبونه‌وه‌شمان به‌ ڕێكوپێكی بمێنێته‌وه‌, وه‌ ئه‌گه‌ر هاتو هه‌ركه‌سه‌ له‌ ئێمه‌ خۆی بۆ خۆی بـــو به‌ موفتی, وه‌ نه‌گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ لای پێشه‌وا, وه‌ سه‌ركرده‌, ئه‌وه‌ پێی ده‌وترێ پارچه‌ پارچه‌ بون_په‌نا ده‌گرین به‌خوا_وه‌ ئـــه‌وه‌ دلی دوژمـــن خـــۆش ده‌كات, وه‌ الله‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا وَكُنتُمۡ عَلَىٰ شَفَا حُفۡرَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنۡهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ﴾ [ : ], واته‌: ئه‌ی بـــاوه‌ڕداران ده‌ســـت بگرن به‌ به‌رنامه‌كه‌ی الله‌ وه‌ هه‌رهه‌موتان, وه‌ پارچه‌ پارچـــه‌ و نـــاكۆك مه‌بن, وه‌ یادی نیعمه‌ته‌كانی خودا بكه‌نه‌وه‌ به‌سه‌رتانه‌وه‌ كاتێك كه‌ لـــه‌ناو یه‌كتردا دوژمنی یه‌كتری بون به‌لام الله‌ سۆزو خۆشه‌ویستی خسته‌ نێـــوان دله‌كانتانه‌وه‌, وه‌ پێش ئه‌وه‌ی الله‌ منه‌تی خۆی بڕژێنێت به‌ســـه‌رتاندا لـــه‌ كه‌ناری تیاچون و ڕۆخی ئاگردا بون به‌هۆی ئه‌و گومڕاییه‌ی كه‌ تیێدا بون له‌ هه‌مو بواره‌كاندا, به‌لام خودا گه‌وره‌ترین نیعمه‌تی خۆی بۆ ناردن كـــه‌ ئیسلامه‌ و به‌هۆیه‌وه‌ ڕزگاری كردن له‌ گومڕای و چونه‌ نـــاو ئـــاگره‌وه‌,

خودای گەورە ئابەو شێوەیە ئایات و فـــەرمودەكانی خۆیتـــان بـــۆ ڕون دەكاتەوە بۆ ئەوەی ڕێنومایتان بكات و هیدایەت وەربگرن.

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویێت: ((خودای گەورە لەســـێ شـــت ڕازیە لێتان لەوەی كە ئەنجامی بدەن: كە بیپەرستن, وە هیچ هاوەڵێكی بۆ بڕیار نەدەن, وە هەموتان دەست بگرن بە بەرنامەكەی الله وە وە پارچـــە پارچەو جیاواز نەبن, ...)). فەرمودەكە.

كەواتە پێویستە موسوڵمانان سەركردەو پێشەوایان هەبێت, وە پێویستە كە وریا بن لە نامۆبون و دوبەرەكی و جیاوازی, وە هیچ كەسێك كاروباری جیهادو غەزا ڕێك ناخات تەنها پێشەوا نەبێت, چونكە كارێكی هـــەروا ئاسان نیە, بەڵكو كارێكی زۆر گرنگەو پێویستی بە كۆك بـــون هەیـــە, وەهەروەها تواناو, وە ڕێك خستن, و ئامادەكاری, وە پێویســـتە ئیـــزنی ئیمام و سەرپەرشتی ئیمام هەبێت بۆی, ئا ئەوە جیهاد كردنە لـــەپێناوی خودادا, وە مەبەست لێی بەرز ڕاگرتنی وتەكانی الله و بڵاوكردنەوەی ئاین و دەرهێنانی خەڵكیە لە تاریكیەكانەوە بۆ ڕوناكی.

هەربۆیە پێغەمبەری خودا (ﷺ) پێش ئەوەی وەفات بكات وە كاتێك كە نوسراوی دەنارد بۆ پادشاكان و وە بانگەوازی كردن, ئنجا دەستی دایە جیهاد, وە سوپای ئامادە كرد, وە هێرشی كردە سەر بێباوەڕەكان لـــەناو وڵاتەكانیاندا, وە پاشان كاتێك وەفاتی كـــرد دوای خـــۆی هـــاوەڵانی درێژەیان دا بە جیهاد كردن لەپێناوی خودادا ئەو جیهادەی كە پێغەمبەر

(ﷺ) دەستی پێکرد, هەربۆیە هێرشیان کردە سەر فارسەکان و ڕومەکان وە ئەم ئاینەیان بلاو کردەوە بە بانگەواز کردن و زانست و جیهاد کردن لە پێناوی خودا, هەتا ئەم ئاینە گەیشتە ڕۆژ هەلات و ڕۆژ ئاوای زەوی, وە ئەو وتەیەی الله هاتە دی کــە دەفــەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴾ [ : ], واتە: الله ئەو پێغەمبەرەی خۆی بــۆ ئێــوە ناردوە وە لەگەلیدا پەیامێکی ناردوە کە هیدایەتی ئێوەی تێدایە, وە ئاینی ڕاستەقینەیە, بۆ ئەوەی سەری بخات و ئاشکرای بکات بەسەر هەمو ئەو ئاینە بەتالانەی کە هەیە, با ئەو هاوەلْ دانەرانەش پێیان ناخۆش بێت.

ئەمەیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام, وە ئاینی دادپەروەری و خێــرو ڕێنومــای کردن, وە ئەو دینە بەخشینێکی زۆر گەورەیە دروست نیە شتی تر پــێش بخەین بەسەریدا, وە واز لە خەلکی بهێنین, بەلکو پێویستە ئەم خێرە بلاو بکەینەوەو گشت گیری بکەین بۆ هەمو مرۆڤایەتی, وە لە بەرامبەر ئــەو ئاینەو گەیاندنی بەرپرسین لێی لەبەردەم الله دا لە ڕۆژی دوایدا, وە ئــەم ئاینە تەنها بۆ ئێمە نیە, بەلکو بۆ هەمو مرۆڤایەتیە, وە ئەم ئاینەش بــلاو نابێتەوە لەناو مرۆڤایەتیدا بەدو شت نەبێت: بانگەواز کردن بۆلای الله, وە جیهاد کردن لەپێناو خودادا, هەروەك دەفەرموێت: ﴿ كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ

بِٱللَّهِ ﴾ [ : ], واته: ئێوه باشترین ئومه‌تن که خودا ناردویه‌تی بۆ خه‌لکی سه‌ر زه‌وی چونکه فه‌رمان ده‌که‌ن به‌چاکه‌و ڕێگری ده‌که‌ن لـــه خراپه, وه باوه‌ڕێکی پته‌وتان هه‌یه به خودای خۆتان.

وه ده‌فـــــه‌رموێت: ﴿ وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴾ [ : ], واته: بـــا له‌ناو ئێوه‌ی باوه‌ڕداردا تاقمێك هه‌بن که بانگه‌وازی خه‌لکی بکه‌ن بـــۆ چاکه کردن, وه فه‌رمان به چاکه بکه‌ن, وه نه‌هی بکه‌ن لـــه خراپـــه, وه ئه‌وانه سه‌رکه‌وتو سه‌رفرازن که هه‌لده‌ستن به‌و کاره.

ئه‌مه ئیش و کاری موســـولمانانه: ئـــه‌ویش ئه‌وه‌یـــه کـــه هه‌ســـتن بـــه بلاوکردنه‌وه‌ی ئه‌م ئاینه به بانگه‌واز بۆ کردنی و ڕێنومای کردنی خه‌لکی بۆی هه‌روه‌ها به جیهاد کردن له پێناوی خودای گه‌وره‌دا, وه به‌مه‌ش ئه‌و ئاینه پیرۆزه سه‌رده‌که‌وێت, وه خـــودای خـــاوه‌ن هێـــزو ده‌ســـه‌لات ده‌فـــــــه‌رموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴾ [ ], واته: ئه‌وانه‌ی که ڕاست ده‌که‌ن و مه‌به‌ستیان سه‌رخستنی دینی هه‌لبژێراوی خودایه ئه‌وانه‌ن که کاتێك که ده‌سه‌لاتمان پێـــدان له‌ســـه‌ر زه‌وی به‌جوانی و به‌ته‌واوی نوێژه‌کانیان ده‌که‌ن و فه‌رمانیش به خـــه‌لکی ده‌که‌ن به ئه‌نجامدانی وه زه‌کاتی مالیان ده‌ده‌ن و وه فه‌رمان به‌چاکه ده‌که‌ن

و نەهی له خراپه دەکەن, وه سەرئەنجامی هەمو کارەکانیش بۆلای خودا دەگەڕێتەوه.

کەواته ئێمه ئەگەر دەسەلاتمان پەیدا کرد بەسەر زەویدا کارمـــان تـــەنها بەسەر بردنی ماڵ و سامانەوه نیـــه, یـــاخود کۆکردنـــەوەی ســـەرانه (        ), وه هاوشێوەی ئەمانه, بەلکو پێویسته نوێـــژەکان بـــەجوانی جێبەجێ بکەین, وه پەیوەستیان بکەین به ئەنجام دانیـــەوه, وه فـــەرمان بکەین بەچاکه و, نەهی بکەین له خراپه له هەمو پارچەکانی ســـەرزەوی خودای گەوره که لەژێر دەسەلاتماندایه, وه الله دەفەرموێت: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ﴾ [   :   ], واتـــه: الله پەیمانی داوه بەوانەی که باوەڕیان هێناوه لەناوتاندا وه کاری چاکه دەکەن بەوەی که ئەیانکات به جێنشـــین لەســـەر زەوی و دەســـەلاتیان پـــێ دەبەخشێ, هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئەمانی کرد بەجێنشین لەســـەر زەوی, وه ئەو ئاینه ڕاستەی که هەیانه وه الله ش لێی ڕازیەو پێی ڕازیه وه ئاینی ئیسلامه بالا دەستی دەکات و سەری دەخات بەسەر هـــەمو ئاینـــه پڕوپوچەکانی تر, وه ئەو ترسەی که هەیانه بۆیان دەگۆڕێت به ئاسایش و

سه‌لامه‌تی, مه‌رجی هه‌مو ئه‌م شتانه‌ش ئه‌وه‌یه‌ كه‌ به‌ته‌نها من بپه‌رستن و هاوه‌ڵم بۆ بڕیار نه‌ده‌ن.

ئا ئه‌مه‌ بنه‌وانه‌یه‌: ﴿يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗا﴾.

وه‌ له‌دوای ئه‌میش جیهاد كردنه‌ له‌پێناوی خودادا, بۆ ئه‌وه‌ی به‌ته‌نها الله بپه‌رسترێت وه‌ هیچ هاوه‌ڵی بۆ دانه‌نرێت, وه‌ هه‌ر ئه‌مه‌ش بانگه‌وازی نێردراوان بوه‌ وه‌ك خودای به‌رزو بلند ده‌فه‌رموێت: ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ :[ ], واته‌: ئێمه‌ له‌ناو هه‌مو ئوممه‌تێكدا پێغه‌مبه‌رێكمان ناردوه‌ وه‌ پێی ڕاگه‌یاندون كه‌ به‌ته‌نها الله بپه‌رستن و دوربكه‌ونه‌وه‌ له‌ په‌رستنی ئه‌وانه‌ی كه‌ ده‌په‌رسترێت له‌ غه‌یری ئه‌و چونكه‌ ئه‌وانه‌ تاغوتن.

وه‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾ :[ ٢٥], واته‌: ئێمه‌ پێش تۆ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هیچ نێردراوێكمان نه‌ناردوه‌ مه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ وه‌حیمان بۆ ناردوه‌ هه‌تا به‌ ئوممه‌ته‌كه‌ی ڕابگه‌یه‌نێت هیچ خودایه‌ك نیه‌ شایه‌نی په‌رستن بێت به‌حه‌ق ته‌نها زاتی الله نه‌بێت.

ئا ئه‌مه‌ مه‌به‌سته‌ له‌ جیهاد كردن له‌ پێناوی خودا وه‌ ئه‌مه‌ش هه‌ندێك بو له‌ حوكمه‌كانی و وه‌ هه‌ندێك له‌ تایبه‌ت مه‌ندیه‌كانی.

وە جیهاد بابەتێکی گەورەو باسێکی گەورەی هەیە لەناو نوســـراوەکانی ئەهلی عیلمدا, پێویستە گەڕانەوە هـــەبێت بـــۆی وە ئـــەو حوکمانـــە بخوێنرێتەوە لەناو قورئانەکەی الله و سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ), وە پرسیار دەربارەی بکرێت لە خەلکانی خاوەن زانست, وە بەرچاو ڕۆشن, چونکە جیهاد پلەی گەورەیە, ئەگەر ڕێك خرا وە بەو شێوەیە بـــو کـــە خودای گەورە نەخشەی بۆ کێشاوە, ئەوا دەبێتە جیهادێکی بەسود بـــۆ ئوممەت, بەلام ئەگەر بە بێ سەرو بەرەی و بەبێ بەرچاو ڕۆشنی و بـــەبێ بونی زانست بو ئەوا ئەبێتە هۆی تێکشکانێك بۆ ئوممـــەت و وە لەســـەر موسولمانان خراپ دەکەوێتەوە, چەندە خەلك کوژراوە لە موســـولمانان بەهۆی سەرکێشی کەسێکی نەزانەوە کە بێباوەڕانی پێ تـــوڕە کـــردوە, لەکاتێکدا ئەو بێباوەڕانە لەوان بەتوانا تـــر بـــون, وە دەکەونـــە گیـــانی موسولمانان وە دەست دەکەن بە کوشتن و بڕینیان و وە دەرنانیان و کاول کردنی مالْ و جێگایان, ولا حول ولا قوە الا باللە, وە ئەم سەر کێشیە ناو دەنێن جیهاد, وە بەهیچ شێوەیەك ئەوە جیهاد نیە, چونکە مەرجـــەکانی تێدا بەرجەستە نەبوە, وە پایەکانی بەئەنجام نەگەیشتون, کەواتـــە ئـــەوە جیهاد نیە, بەلکو ئەوە دەست درێژییەکە کە خودا فەرمانی پێنەکردوە.

لەگەلْ ئەمەش, داوا لە الله دەکەین کە ئاینەکەی سەربخات, وە وتـــەکانی بەرز کاتەوە, وە ئالای جیهاد بەرپابکات, چونکە جیهـــاد بەردەوامـــەو هەیە هەتا ڕۆژی قیامەت, هەتا ئەو کاتەی کە کۆتا کەسی ئـــەم ئومەتـــە

ده‌ججال ده‌كوژێت و شه‌ڕی له‌دژ ده‌كات, كه‌واته‌ جیهاد درێژه‌ی هه‌یه‌ سوپاس بۆ خوا, هه‌تا ئه‌و كاته‌ی قیامه‌ت هه‌لده‌سێت, هه‌تا ئه‌و كاتـــه‌ی دین بمێنێت جیهادیش ده‌مێنێت, وه‌ الله‌ كه‌سانێك ئاماده‌ ده‌كات بۆ ئـــه‌م جیهاده‌و ئه‌م ئاینه‌ كه‌ هه‌ستن پێی, خودا ده‌فه‌رموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ [ ], واته‌: ئه‌ی ئه‌وانه‌ی كه‌ باوه‌ڕتان هێناوه‌ هه‌ركه‌سێك له‌ ئێوه‌ پاشگه‌ز بێته‌وه‌ له‌ ئاینه‌كه‌ی ئه‌وا خودا ئێـــوه‌ لـــه‌ناو ده‌بات و دوای ئێوه‌ گه‌لێك ده‌هێنێت كه‌ الله‌ ئه‌وانی خـــۆش ده‌وێـــت و ئه‌وانیش ئه‌ویان خۆش ده‌وێت, وه‌ نیشانه‌ی ئه‌و گه‌له‌ ئه‌وه‌یه‌ كـــه‌ بـــۆ موسولمانان زۆر نه‌رمو نیان وه‌ له‌به‌رامبه‌ر بێباوه‌ڕان زۆر توندو زبرن, وه‌ تێده‌كۆشن له‌ پێناوی الله‌ دا وه‌ له‌ لۆمه‌ی لۆمه‌كاران ناترســـن, وه‌ ئـــه‌م به‌خشینانه‌ش به‌خشینی خودایه‌و به‌ هه‌ركه‌سێكی بوێت ئه‌یـــدات, وه‌ الله‌ خاوه‌ن زانستێكی زۆر فراوانه‌ وه‌ هه‌رخۆی ده‌زانێ كه‌ كێ شایه‌نی ئـــه‌و به‌خشینانه‌یه‌.

كه‌واته‌ جیهاد بونی هه‌یه‌ هه‌تا هاتنی ڕۆژی دوای, وه‌ به‌لام پێویسته‌ كـــه‌ بڕوات له‌گه‌لێ یاسا شه‌رعیه‌كاندا واته‌ به‌پێی ده‌قه‌ شه‌رعیه‌كان بێـــت, وه‌ ئه‌و سنورانه‌ی كه‌ ڕه‌چاو كراوه‌, بۆئه‌وه‌ی جیهادێكی شه‌رعی و دروست

بێت, وه‌ بێ سه‌رو به‌ره‌ی تێدا نه‌بێت, وه‌ سته‌می تێدا نه‌بێت, وه‌ نه‌زانی و نه‌فامی تێدا نه‌بێت, وه‌ به‌لام جیهادێكی شه‌رعی بێت, خۆ ئه‌گه‌ر جیهاد له‌سه‌ر شێوه‌ دروسته‌كه‌ی بو, ئه‌وا به‌ دلنیاییه‌وه‌ به‌رهه‌مێكی پاكی ده‌بێت هه‌روه‌كو چۆن ڕویدا له‌ سه‌ره‌تای ئه‌م ئومه‌ته‌دا كاتێك كه‌ جیهادیان كرد له‌ پێناوی خـــودا لـــه‌ژێر ئالاكـــانی جیهـــاددا, وه‌ لـــه‌ژێر فـــه‌رمانی سه‌رپه‌رشتیارانداو وه‌ ئه‌و ئاینی ئیسلامه‌یان بلاو كرده‌وه‌ له‌ ڕۆژهه‌لات و ڕۆژئاوای زه‌ویدا.

وه‌ داواكارین له‌ الله‌ كه‌ وتـــه‌و ناوه‌كـــانی به‌رزبكاتـــه‌وه‌, وه‌ دینه‌كـــه‌ی سه‌ربخات, وه‌ دوژمنانی سه‌رشۆڕ بكات.

**وصلى الله على نبينا محمد, وعلى آله وأصحابه أجمعين.**

**پرسیاره‌كان**

**پرسیار: كامیان گه‌وره‌ تره‌: جیهادی زانست, یاخود جیهادی شمشێر؟**

وەلاٚم: زانست له پێشه, پێویسته لەسەر مرۆڤ ئەوەنده فێر ببێـــت کـــه دینەکەی پیٚ دامەزراو بێت, خودا دەفـــەرموێت: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ﴾

[ ]: , واته: چاك بزانه که هیچ پەرستراوێك نیه که شایەنی پەرستن بێت تەنها الله نەبێت, وه داوای لێخۆش بون بکه بۆ تاوانەکای خـــۆت و هەروەها بۆ باوەڕدارانی نێرو مێش, یەکەم شت بـــه زانســـت دەســـتی پێکردوه پێش وتەو پێش کرداریش, کەواته سەرەتا زانســـت, پاشـــان کردەوه لێوەی دەست پیٚ دەکات لەناو کردەوەکانیشدا جیهاد, بۆ ئەوەی جیهادەکەی لەسەر زانست و بەرچاو ڕۆشنیەوه بێت, نەك لەسەر نەزانی و هەڵەوه.

پرسیار: ئایا گوێڕایەڵی کردنی فەرمان ڕەوای موسوڵمانان بنچینەیەکه له بنچینەکانی بیرو باوەڕی سەلەفیەت؟

وەلاٚم: بەڵیٚ, کۆبونەوەی موسوڵمانان ڕونادات به بونی ســـەرکردەیەك نەبێت, وه سەرکردەش بونی نیه به بیستن و گوێڕایەڵی کـــردن نـــەبێت, هەربۆیه الله دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾ [ ]: , واته: ئەی ئەوانـــەی کـــه باوەڕتـــان هێنـــاوه گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی بکەن (ﷺ), هەروەها ئەوانـــەش کـــه سەرپەرشتیارن بەسەرتانەوه, وه پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفورموێـــت:

((ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی تەقوای خوداتان هــەبێت وە ببیســـتن و گوێڕایەڵ بن, ئەگەر بەندەیەکیش بوبە ئەمیر بەسەرتانەوە, چاك بـــزانن لەمەو دوا هەرکەسێك لە ئێوە بژی ئەوا جیاوازی و دوبەرەکیـــەکی زۆر دەبینی))[15]. ئەوەتا فەرمانی کردوە بەبیستن و گوێڕایەڵی کردن لـــەدوای تەقوای خودا.

**پرسیار: ئایا دەرچون لەسەر فەرمان ڕەوایان تەنها بە کـــردەوە دەبێـــت, یاخود بە قسەش دەبێت؟**

**وەلاّم:** دەرچون لەسەر فەرمان ڕەوایان بە بیرو باوەڕ و بـــە وتـــەو, وە بەکردەوەش دەبێت, وە ئەگەر بیروباوەڕی وابو کە دروستە دەرچون لە دژی سەرکردەکان, وە نابێت گوێڕایەڵی بکرێن و پێویست نیە لەسەریان گوێڕایەڵیان بکەن, ئەگەر ئەم بیروباوەڕەی هەبو وە بـــە قســـەش دەری نەبڕی, ئەوا هەر دەرچونە لەسەر فەرمان ڕەوایان, وە دەرچونە لە بیستن و گوێڕایەڵی کردنی فەرمان ڕەوایان.

وە ئەگەر قسەی کرد وە وتی: فەرمان ڕەوا پێویســـت نیـــە گوێڕایـــەڵی بکرێت, ئەوە دەرچونە بە قسە, وە ئەگەر چەکی هەڵگرت ئەوا ئەمەیان خراپترە و توندترە وە لێکترازانی یەك دەنگی موسوڵمانانەو دەرچونە بـــە کردەوە.

---

[15] رواه الدارمي في سننه (45/1) في المقدمة, باب: اتباع السنة, ورواه الترمذي في سننه (43/5, برقم: 2676) كتاب العلم, باب: كا جاء في الاخذ بالسنة, واجتناب البدع, ورواه ابن ماجه في سننه (15/1, برقم: 42) في المقدمة, باب: اتباع سنة الخلفاء الراشدين المهديين, كلهم من حديث العرباض بن سارية, ورواه غيرهم.

كەواته دەرچون بە بیروباوەڕ دەبێت هەروەها بە وتە وەكو ئـــەوەی لـــە دانیشتنەكاندا قسە بكات و وە جوێن بدات بە فەرمان ڕەوایان وە بلێت: ئەوانە هیچ بیستن و گوێڕایەڵی كردنێكیان بۆ نیە.

وە بە كردەوەش دەبێت: ئەویش بە هەڵگرتنی چەك لە دژی موسوڵمانان و پێشەواكەیان.

پرسیار: ڕاتان چۆنە دەربارەی ئەوانەی كە فەتوا دەدەن بۆ خەڵكی بـــە واجب بونی جیهادو, وە دەڵێت: بەمەرج نەگیراوە بۆ جیهاد كردن كـــە سەركردەو ئالا هەبێت؟

وەلام: ئەمە بۆچونی خەواریجە, پێویستە ئالا هەبێت, پێویســـتە پێشـــەوا هەبێت, وە ئەمە ڕێبازی موسوڵمانانە هەر لـــە ســـەردەمی پێغەمبـــەری خوداوە (ﷺ). وە ئەو كەسەی كە فەتوا دەدات بەوەی كـــە جیهـــاد پێویستی بە ئالا و پێشەوا نیە, ئەوە ئەو كەسە لە خەواریجـــە, وە شـــوێن ڕێبازو بیرو بۆچونی خەواریج كەوتوە.

پرسیار: ڕای بەڕێزتان چیە دەربارەی ئەوانەی كە ڕوداوەكـــەی ئـــەبی بەصیر دەكەن بە بەڵگە بۆ لەبەر چاو نەگرتنی ئیزنی ئیمام؟

وەلام: ئەبو بەصیر لەژێر دەستی ئیمامدا نەبو, وە لەژێر فەرمانیشیدا نەبو, بەڵكو ئەو لە ژێر چنگی بێباوەڕان و لەژێر دەسەلاتی ئەواندا بو, وە ئەو دەیویست ڕزگاری ببێت لەژێر چنگ و دەسەلاتیان, كەواتە ئەو لـــەژێر سەرپەرشتی پێغەمبەردا (ﷺ) نەبو, چـــونكە پێغەمبـــەر (ﷺ) ئـــەوی

دایەوه به بێباوەڕەکان به پێی ئەو پەیمان و ڕێکەوتن نامەیەی که ڕویـــدا لەنێوان ئەوو بێباوەڕەکاندا, کەواته ئەو لەناو وڵاتی موسوڵماناندا نـــەبو, وه لەژێر دەسەڵاتی فەرمان ڕەواشدا نەبو.

پرسیار: ئایا حوکمی جیهاد چیه لەم سەردەمەدا, له کوێدا بیدۆزینـــەوه؟ وه ئایا دروسته بۆمان که جیهاد بکەین لەژێر ئاڵای دەسەڵاتدارێکـــی بێباوەڕدا, یاخود موبتەدیعدا؟

وەڵام: جەنگان ئەگەر لەژێر ئاڵای بێباوەڕدا بێت ئـــەوه پێـــی نـــاوتری جیهاد, شەڕکردن تەنها دەبێت لەژێر ئاڵای موسوڵماناندا بێت, وه لەگەڵ تاقمی موسوڵماناندا.

پرسیار: ئەو فەرمودەی بوخاری: **((الإمام جنة يتقى بـه و يقاتـل مـن ورائـه))**[16]. ئایا ئەوه بەڵگەی ئەوانەیه که دەڵێن پێویســـته بـــۆ جیهـــاد ئیمامێك هەبێت که ئاڵاکەی بۆ جیهاد چەقاندبێت؟

وەڵام: بەڵێ, ئەمه دەقێکی یەکلا کەرەوەیه له بابەتەکەدا, چونکه ئیمـــام قەڵغانه بۆ موسوڵمانان, وه لەدوای ئەم قەڵغانەوه شـــەڕ دەکرێـــت, وه گومانی تێدا نیه که سەرکردایەتی کردنی موسوڵمانان و وه پێشـــەوایەتی کردنی موسوڵمانان بەخشین و نیعمەتێکی گەورەیه بۆ موســـوڵمانان, وه دەجەنگێن لەژێر ئاڵاکەیدا, وه ئیمام هەڵدەستێت به جێبـــەجێ کـــردنی

[16] رواه الإمام البخاري في صحيحه (911/2, برقم: 2957) كتاب الجهاد والسير, باب: من وراء الإمام, ويتقى به, من حديث أبي هريرة.

سنورەكان (الحدود), وه مافەكان دەدات به خاوەنەكانی, وه الله بـــەهۆی ئەوەوه سەلامەتی و ئاسایش بلاّو دەكاتەوه بەسەر ولاّتدا, كەواته فەرمان ڕەوا بەخشێنێكه لەلایەن الله وه.

پرسیار: هەندێك ڕۆشتون بۆ جیهاد كردن لەناوچەی جیاواز بەبێ ئیـــزنی پێشەوا, ئایا ئەمه ڕاسته؟

وەلاّم: دروست نیه بۆیان دەربچن به ئیزنی ئیمام نەبێت, چونكه ئـــەوان ژێر دەستەن, وه ژێر دەسته پێویسته لەسەری گوێڕایەڵی ئیمام بكـــات, ئەگەر ئەویش ڕێگەی پێدان هێشتا ڕێگه پێدانی دایك و باوك دەمێنێت وه ڕەزامەندیان له جیهادی داواكردندا (جهاد الطلـب), نابێـــت بـــڕوات مەگەر به ڕەزامەندی دایك و باوكی نەبێت, چونكه پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ئەیویست جیهاد بكات, ئەویش پێی فەرمو: ((دایـــك و باوكت زیندون؟ وتی: بەڵێ. فەرموی: ده كەوایه خزمەتی ئەوان بكـــه ئەوه جیهاده بۆتۆ))[17]. ئەوەبو گەڕاندیەوه بۆلای دایك و باوكی, ئەمەش بەڵگەیه لەسەر واجبێتی ئیزنی دایك و باوك دوای ئیزنی فەرمان ڕەوا.

پرسیار: ئایا ئەگەر باوكم كوڕی تری هەبێت جگـــه لـــەمن, وه هـــیچ پێویستی بەمن نیه, وه هیچ بەهانەیەكی نیه بۆ ئەوەی ڕێگەم نەدات بـــۆ جیهادكردن تەنها ترسی ئەوەی هەیه كه بمرم, حوكمی من چیه؟

---

[17] رواه الإمام البخاري في صحيحه (923/2, برقم: 3004) كتاب: الجهاد والسير, باب: الجهاد بإذن الوالدين, من حديث عبدالله بن عمرو.

وه‌ڵاْم: حوكمه‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ گوێڕایه‌ڵی بكه‌یت, ئه‌گه‌ر سه‌د كوڕیشی هه‌بێت, پێویسته‌ له‌سه‌رت گوێڕایه‌ڵی بكه‌یت, وه‌ چاكه‌ كردن له‌گه‌ڵی, وه‌ ئه‌مه‌ش پاداشت و ئه‌جری تێدایه‌.

پرسیار: ئایا دروسته‌ ڕۆشتنه‌ ده‌ره‌وه‌ی ولاْت بۆ جیهاد كردن به‌بێ ئیزنی پێشه‌وا ئه‌گه‌ر ئه‌و كه‌سه‌ ڕه‌زامه‌ندی دایك و باوكی وه‌رگرت بۆ ئه‌و كاره‌؟

وه‌ڵاْم: ئه‌گه‌ر دایك و باوكی ڕێگه‌یان پێدا, ئیزنی ئیمام ده‌مێنێت, كه‌واته‌ ئه‌بێت هه‌ردوكیان هه‌بێت, ئیزنی ئیمام, وه‌ ڕه‌زامه‌ندی دایك و باوك.

## ڕونكردنه‌وه‌ی سه‌ماحه‌تی شێخ عبدالعزیز آل الشیخ موفتی گشتی شانشینی سعودیه‌ له‌سه‌ر وتاره‌كه‌ی شێخ صالح

الحمد لله, والصلاة والسلام على رسول الله, وعلى آله وصحبه, ومن والاه.

وبعد:

له‌ڕاستیدا به‌ڕێز شێخ صالح ئا له‌م شوێنه‌دا باسی جۆره‌كانی جیهادی بۆ كردین, وه‌ یاساكانی هه‌ریه‌كه‌ له‌ جۆره‌كانی, وه‌ چی پێویسته‌ له‌سه‌ر موسوڵمان ئا له‌م بابه‌ته‌دا, وه‌ جیهادی دیاری كراو چیه‌, وه‌ جیهادی دیاری نه‌كراو چیه‌, وه‌ وه‌ڵاْمی پرسیاره‌كانی پرسیار كه‌ره‌كانی دایه‌وه‌ به‌

وەلاٚمدانەوەیەکی شەرعیانە کە بەرچاو ڕۆشنی تێدایە بۆ کەسێك کە بیەوێ بەرچاوی ڕۆشن بێت.
لەڕاستیدا ئەم بابەتە گرنگانە ئەگەر خەڵکی خاوەن زانست و شارەزا لە دینەکەی خودا قسەیان تێدا کرد, ئەوە بە بەرچاو ڕۆشنی قسەی تێدا دەکەن, هەروەها بەبونی زانست, وە چارەسەری ئەم بابەتانەیان کردوە بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی کە لە قورئان و سوننەتی صەحیحدا هاتون, وە بەمەش بارودۆخی ئومەت ڕێك و ڕەوان دەبێت ئەگەر حوکمە شەرعیەکانیان لە زانایانیان و وە شارەزاکان وەرگرت, وە ڕێنومایییە بەسودەکانیان وەرگرت کە ڕێنمونیان دەکات بۆ ڕێگەی ڕاست.
زۆرێك هەیە لە موفتی و وتار بێژو قسەکەر کە شتێك دەڵێت زانستی نیە دەربارەی, وە دەربارەی شتێك قسە دەکات کە نازانێ مەبەست لێی چیە؟! وە لەوانەیە توشی زمان هەڵخلیسکان بێت, وە کەسانێك ئەو زمان هەڵخلیسکانەی لێ وەربگرن, وە کەسانێك پێی هەڵ بخەڵەتێن, وە ئەو کارەشەی بە زیانێکی گەورە دەشکێتەوە بەسەر ئەوانەدا.
کەواتە وەرگرتنی زانست و شارەزای بون دەبێت لە کەسانی خاوەن زانست و شارەزاوە بێت, ئەوانەی کە ئەگەر قسەیان کرد, بە زانستەوە قسە دەکەن, وە ئەگەر بێدەنگ بون, ئەوا لەسەر زانستەوە بێدەنگ دەبن, وە دەربارەی الله بە زانستەوە دەدوێن, نەك بە گریمانەو هەست و

سۆزی بەگوڕەوە كە دەیان بات و ڕاپێچیان دەكات بە بێ چاوڕۆشـــنی و بیركردنەوە.

هەركەسێك گوێبیستی ئەم وتارە بێت, وە بیستنی بۆ شـــل بكـــات بـــه وردبونەوە و تێرامانەوە, ئەوا بە ئامانجی خۆی دەگات لە هاوســـەنگی و بەرچاو ڕونی, هەربۆیە دەست پێكی بـــۆ كارەكـــانی لەســـەر بەڵگـــەو هیدایەتەوە دەبێت.

چونكە لەڕاستیدا ئوممەت كەوتە ناو ئەوەی كە كەوتە ناوی لـــە بـــەلاو نارەحەتی كاتێك كە كەسانێك فەتوایاندا بۆ خەڵكی كە زانستیان نیـــە وە كەسانێك قسەیان كرد كە تێناگەن, ئا ئەو خەواریجانـــە لـــە ســـەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەردا (ﷺ) كاتێك تێگەیشتنی ئەوانیان وەرنـــەگرت, وە ورد نەبونەوە لە زانستیان, وە هەڵ خەڵەتان بەخۆیان, وە بیروبۆچـــونی خۆیان بەهەند وەرگرت, وە تێگەیشتن لـــە قورئـــان بـــە پێچـــەوانەی تێگەیشتنی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (ﷺ), وە بەو شێوە بون كە پێغەمبـــەر (ﷺ) هەواڵی داوە: ((كاڵ فام و نەفام)). نەزانست , نە بەرچاو ڕون, بۆیە گومڕا بون وە لایاندا لە ڕێگەی ڕاست, وە خوێنی موســـوڵمانانیان حەلاڵ كرد, هەروەها ماڵ و سامانیان هەرچەندە هاوەڵانی پێغەمبەریشیان (ﷺ) لەلابو كە شارەزاترینی خەڵكن, وە لەهـــەموان شـــارەزاترن لـــە دینەكەی الله, بەلام لەخۆبای بون و سەرسام بـــون بـــەخود وە هـــەڵ خەڵەتان بەوانەی كە زانستیان نیە گومڕای كردن و وێڵی كردن لە ڕێگە

ڕاستەکە, خۆ ئەگەر زانستیان وەربگرتایە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) وە گوێیان بدایەتە ڕێنومای و ئامۆژگاریەکانیان, هەروەك ئیبن عەبباس هات بۆلایان و وە گفتو گۆی لەگەڵ کردن هەتا هەندێکیان وازیـــان هێنـــاو گەڕانەوە, وە ئەوانەی تریان کە مەبەستیان حەق نەبو مانـــەوە لەســـەر گومڕای و سەرلێشێواوی, بەڵکو مەبەستیان بـــەتاڵ و گـــومڕای بـــو, هەربۆیە کاتێك پشتیان هەڵکرد لە زانستی هـــاوەڵان و ڕێنومایيـــەکانیان گومڕا بون.

وە هەر بەم شێوەیە لەهەمو کات و شوێنێکدا: ئەگەر خـــەڵکی پشـــتیان هەڵکرد لە ڕێنەماییەکانی زانایانی شارەزاو دڵسۆز, وە زانستیان وەرگرت لە کەسانێك کە ڕویان کردوەتە زانست و فەتواداان بـــەبێ وردبونـــەوەو چاوڕۆشنی, ئەوکاتە ئەمانە ئەو خەڵکە بەرەو تیاچون دەبەن, وە دەیـــان خەنە ناو بەلاو نارەحەتیەوە.

هەربۆیە داوای سەلامەتی و پارێزراوی دەکەین لە الله, وە الله پاداشـــتی شێخ بداتەوە لەسەر ئەو وتە چاکانەی, وە ئێمەو ئێوەش بگێڕێت لەوانەی کە گوێبیستی وتەکان دەبن وە شوێن چاکترینی دەکەون.

ماڵپەڕی فەرموودە لەگەڵمان بن بۆکتابی نوێ و بابەتی بەسود

www.fermude.com